سایتی
نێگەتیف ١

# نیهیلیزم

(بەشی دووەم)

موراد فەرهادپوور

و. وەلید عومەر

ئەم مەسەلەیە لە نمونەی دواتردا ڕوونتردەبێتەوە:

کارەکتەری ڕۆمانی (American Psycho)، دوالیزمێکی نیهیلیستیی لەم جۆرە دەخاتەڕوو. ئابوریی سەرمایەداری لەپاش تاچەر و ڕیگان بووەهۆی دروستبوونی چینێکی تایبەت کە پێیان دەوترێت "هیپییەکان". هیپییەکان کەسانێکی پسپۆڕی گەنج و پارەدار بوون کە لەسەر بنەمای کەلتوری بەرخۆریی سەرمایەداری، شێوازێکی تایبەتی ژیانیان هێنایەئاراوە. ژیانی هیپییەکان کۆمەڵێك ڕێسا پەیڕەودەکات کە تێکڕا بەجۆرێك لە جۆرەکان بەستراوەتەوە بە بەرخۆری و مەسرەفگەرایی سەرمایەدارییەوە. کەسانێك کە بەردەوام مۆدە شیکەکان پەیڕەودەکەن و تەواوی گۆشەکانی ژیانیان لەسەر بنەمای مۆدە و برەند و مارکە درووستبووە: کۆت(چاکەت) و پانتۆڵ و عەتر و مۆبێلات و شامپۆ و هتد. ڕۆمانی(American Psycho) بەسەرهاتی ژیانی یەکێك لەم هیپییانەیە. کەسێکی ئاساییە کە

بە وەسواسیترین شێوە ڕێساکان پەیڕەودەکات و هەڵسوکەوتێکی زۆر ورد و وەسواسیی هەیە و بەڕواڵەت دوای ژیانێکی ئارام و هاوسەنگ کەوتووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە جۆرێك لە توندوتیژی و زیادەڕۆیی دەتەقێتەوە، کە وەك زیادە و پاشماوەی ئەم ژیانە دووبارە و یەكڕیتمە وایە. ئەو پیاوە دەوڵەمەند و خۆشمەشرەبەی کە هەموو بەیانییەك چەند سەعاتێك خەریکی خۆیەتی، هەر ئەو بکوژە زنجیرەییەیە کە شەوانە قوربانییەکانی خۆی قەلەپاچەدەکات. پەڕینەوە لە پرەنسیپی چێژ(واتە ژیانێکی ئارام)ـەوە بۆ ئەودیوی پرەنسیپی چێژ(واتە کوشتن و خوێنڕێژی) دەرخەری لۆژیکی ناوەکیی شێوازێك لە ژیانە کە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، بەستراوەتەوە بە "زیادە"یەکەوە(زیادە ئەو ڕەهەندەی شتەکانە، کە نەزمی باوی شتەکان وێراندەکات). دیوە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەی ڕۆمانێکی لەم جۆرە، ئەم دوالیزمە پشتڕاستدەکاتەوە. ئەو شتەی کە ئەم ڕۆمانە بەجوانی دەیخاتەڕوو، ئەو ڕاستییەیە کە پێشوەخت ژیانی ڕۆژانەی هیپییەکان هاوشانە بە ژمارەیەکی زۆری ڕێسا(و ئەتەکێت)، ئەم ڕێسایانە ستایلێك لە ژیان دەهێننەئاراوە(ستایلێکی بەرخۆرانەی ژیانی هیپییانە) وەكبڵێی پەیڕەوکردنی پێویستی بە دیسپلین و ئیرادە و هیمەتێکی زۆرە. پاراستنی ئەم هاوسەنگییە و ئیمکانی پەیڕەوکردنی ئەم یاسا و ڕێسایانە، بەبێ دیوی قێزەون و تاریکی ژیانی بکوژە زنجیرەییەکە، بەردەوام نابێت. تا ئەو جێیەی وەكبڵێی ژیانی شەوانەی هیپی، بەراورد بە ژیانی ڕۆژانەی، تەحەمولکراوترە؛ و تەنانەت لە دیدی کارەکتەری ڕۆمانەکەوە، ئەم ژیانە شەوانەیە، پەناگەیەکە بۆ دەربازبوون لە ناڕەحەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە.

دەتوانین شێوازێکی تری ئەم دوالیزمە لە عیرفان و کەسایەتییە عیرفانییەکاندا بدۆزینەوە. وەك ئەوەی زۆرێکیش ئاماژەیان بۆ کردووە، Ecstacy و خەڵسەی عیرفانی و ڕۆحانیی عارفەکان و قەدیسەکان(ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەقیقەتی عیرفانیدا)، بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە جۆرێك لە ئۆرگازمی سێکسییمان بیردەخاتەوە. سیمای پڕ لە چێژی عارف لەکاتی هەستکردن بە یەکبوونیدا لەگەڵ حەقیقەتی موتلەقدا، لە سیمای هەر مرۆڤێکی تر دەچێت لە کاتی ئۆرگازم و ڕەحەتبووندا. لەخۆڕا نیە خودی گوتاری عیرفانی(میتافۆرە عاشقانە و شەهوانییەکان)، نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ گوتاری ئیرۆتیکیدا هەیە. وێنەی سان فرانسیس لە ساتی خەڵسەی عیرفانییدا، بە باشترین شێوە ئۆرگازمێکی ڕۆحانیی لەم جۆرە دەخاتەڕوو.

دەتوانین بە شێوەی جیاجیا تێهەڵکێشکردنی ئەم دوو ڕەهەندە(واتە بەرگەگرتنی ژیانی دووبارە و یەکڕیتم لە دنیای ساردوسڕی کاڵاکاندا، لەگەڵ زیادە- چێژدا) لە کۆمەڵگادا ببینین: بودیزمی ئەوروپی، قاوەی بێکافایین، شیرینیی ڕەوانکەر، شیرینیی لاوازکەر، و هتد کۆمەڵێك نمونەن کە ڕاستەوخۆ ئەم دوالیزمەیان تیا نیشتەجێکراوە. پێکهاتەی پارادۆکسیکاڵی قاوەی بێکافایین ئەوە دەردەخات کە چۆن بەپێی ئەم لۆژیکە، شتەکان لە جەوهەری (زیانبەخش و زیادەڕۆیانە)یان خاڵیکراونەتەوە و هاوکات چێژیش درووستدەکەن. ئەم چێژە جڵەوکراوە، هاوکێشەی چێژپەرستی و هیدۆنیزمی هاوچەرخ پیشاندەدات.

فیگەر و ئایکۆنە هونەرییەکان و (Celebrities)، نمونەیەکی تری ئەم دوالیزمە دەخەنەڕوو. وەکبڵێی درزێك هەیە کە ژیانی شەخسی(سوبێکتیڤ)ـی کەسە بەناوبانگەکە لە سیمای گشتییەکەی(ئۆبێکتیڤ) لەکۆمەڵگادا جیادەکاتەوە. ئەگەر ئەو ئایکۆنە بەناوبانگانە وەربگرین کە کۆنترن(ئایکۆنەکانی وەك ئیلڤیس پریسلی و مارلین مۆنرۆ)، ئەوا ئەو گرژییە دەبینین کە لە درزی نێوان ژیانی شەخسی و ژیانی گشتییانەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەم گرژییە تراژیکە، جاروبار سەردەکێشێت بۆ ئابڕووچوون و فەزیحەت؛ واتە ئەو کاتەی کە سووچێکی شاراوەی ژیانە شەخسییەکەیان بەڕێکەوت و ئیستیسنا ئاشکرادەبێت و فەزیحەت درووستدەکات. دەموچاوە ئۆبێکتیڤە گشتییەکە وا خۆی دەردەخات کە ڕواڵەتێکی یەکانگیری هەیە(واتە پرەنسیپی چێژ)، و وەك ڕێسایەك وایە کە جاروبار لەلایەن فەزیحەتەکانەوە(ئیستیسناکان/ ئەودیوی پرەنسیپی چێژ) دادەڕووخێت و هەڵدەوەشێتەوە. ئەم درز و مەودایەی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە، هەر ئەو مەودایەیە کە ئازادی و سوبێکتیڤیتە(کەسایەتی)ـی ئەم کەسانەی تیا دەڕەخسێت و درووستدەبێت. ئەم کەسانە، هەست بە جیاکاری و ناکۆکییەکی تراژیك دەکەن لەنێوان بوونە سوبێکتیڤەکەی خۆیان و دەموچاوە گشتی و ئۆبێکتیڤەکەیاندا لە کۆمەڵگادا.

بەڵام سەبارەت بە ئایکۆنە هونەرییەکان و فیگەرە بەناوبانگەکانی ئەمڕۆ، وادەردەکەوێت خەریکە کەمکەم ئەم مەودایە لەناودەچێت و ئەم دوو ڕووکارە دەبێتە دوو ڕووی یەك دراو. ئەمڕۆ پاپاراتزییەکان(ڕۆژنامەنووس و وێنەگرە فزوولەکان کە بەنهێنی وێنەی کەسانی بەناوبانگ دەگرن و دواتر دەیفرۆشنەوە) شەخسییترین لایەنی کەسانی بەناوبانگ تۆماردەکەن و دەیخەنە سەر ئەنتەرنێت و تەلەفزیۆن تاکو خەڵك بیبینن و دەستیان بیگاتێ. تەنانەت زۆر بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەیە کە خۆیان بە ژیانی تایبەتیی ئایکۆنە

بەناوبانگەکانەوە سەرقاڵدەکەن و هەر لە حەمامکردنەوە دەیخەنەڕوو تا دەگاتە ژیانی سێکسییان. لێرەدا چیتر تەمومژ و درزی نێوان ئەم دوالیزمە بوونی نیە بەڵکو هەردوو ڕووەکەی لەگەڵ یەکتردا هاتوونەتەوە یەك، و چیتر ناتوانین بەئاشکرا جیاکاری لەنێوان ژیانی تایبەتی و سیمای گشتی دا بکەین. ئەم دووانە بوونەتە دوو کایەی لێکجیانەکراوە.

وەكبڵێی سەرەتا لەبەردەم شتێکدا بووین کە وەك ڕێسا و ئەسڵ، وێنەی پڕ و پتەوی هونەرمەندێکە کە لە لوتکەی چێژ و جوانیدا دەیگوزەرێنێت؛ و ئیستیسناکەش ساتی داڕووخانی ئەم وێنەیەیە لە ئەنجامی دیوێکی نادیار و شەخسیی ژیانی ئەوەوە(نمونەی خۆکوشتنەکەی مارلین مۆنرۆ). بەڵام ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی بەناوبانگ بمێنیتەوە، دەبێت ئەم ئابڕووچوونە بەردەوام بێت. ڕۆژنامەوانان بەردەوام کۆمەڵێك دیمەنی ژیانی تایبەتیی کەسە بەناوبانگەکان ئاشکرادەکەن تا ئەو جێیەی وەكبڵێی هیچ مەودایەك لەنێوان ژیانی شەخسی(سوبێکتیڤ) و وێنە گشتییەکە(ئۆبێکتیڤ)دا نامێنێتەوە. ئەگەر پێشووتر وێنە یەکانگیر و هاوسەنگەکە ڕێسا بوو، و ئابڕووچوونەکەش ئیستیسناکەی بوو؛ ئەوا ئەمڕۆ شتە سەرەکییەکە ئەم ئابڕووچوونەیە. بە دەربڕینێکی تر، ئیستیسنا(ئاوارتە) بووەتە ڕێسا(قاعیدە).

نمونەیەکی ناوداری ئەدەبی بۆ ئەم دوالیزمە، "هونەرمەندی برسێتی-"A Hunger Artist"ـی کافکایە. هونەرمەندی برسێتی، لە سێرك کاردەکات و هونەرەکەی ئەوەیە کە دەتوانێت دەیان ڕۆژی یەكلەدوایەك بەبێ ئەوەی شتێك بخوات، وەك ڕۆژووەوانێك بمێنێتەوە. خەڵك وردەوردە لە بینینی، ماندوودەبن؛ و بەرەو کونجی چۆڵی سێرك دەبرێت و گۆشەگیردەکرێت. هونەرمەندی برسێتی، لە ساتەکانی کۆتایی ژیانیدا هەر خۆی لە خواردن دەدزێتەوە و کاتێك لێیدەپرسن بۆچی شت ناخوات، لە وەڵامدا ئاماژە بەوە دەکات کە: ئەویش وەك هەر کەسێکی تر حەزی لە خواردنە بەڵام ئەو خواردنەی دەستناکەوێت کە ئارەزووی دەکات. هونەرمەندی برسێتی لەلایەکەوە کەسێکە کە شت ناخوات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە خەریکی خواردنی "هیچ"ـە. مەسەلەکە ئەوە نیە کە هونەرمەندی برسێتی خواردنی ناوێت، خواردنی دەوێت بەڵام ئەو خواردنە باڵایە(چێژی زیادە/هیچ)ـی دەستناکەوێت کە بەدوایدا دەگەڕێت. ئەم "زیادە"یە و ئەم هیچە، ئۆبێکت/هۆکار[ی بەردەوامبوونی] ئارەزووە، ئۆبێکتی بچوکی a و ئارەزووە کە لە دەروونشیکاریی لاکاندا باسی لێوە دەکرێت. دەتوانین پاڵنەری مەرگی هونەرمەندی برسێتی لە چوارچێوەی زاراوەکانی نیچەدا ناوبنێین ئایدیاڵی زوهد.

بەڵام ڕێبدەن با لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوالیزمەی ئارەزووی مرۆڤ، ئەم فۆرمولەبەندییە لە قاڵبی لۆژیکی (پۆتانشیێڵیتی-potentiality )ـی جۆرجۆ ئاگامبێندا داڕێژینەوە. وادەردەکەوێت هونەرمەندی برسێتی خۆی لە ئەکچواڵکردنەوە و کردەکیکردنەوەی خواردن دەدزێتەوە و وەك پۆتانشیێڵێك و هێزێکی بەکارنەهاتوو دەمێنێتەوە. هونەرمەندی برسێتی، بەهۆی هەڵپەساردنی ویستەکەی خۆیەوە، ئیرادەی خۆی لە دۆخێکی پۆتانشیێڵیتی و بەکارنەهێنراودا هێشتووەتەوە. ئایا ئەم خۆلادان و خۆدزینەوەیە، ئەم پۆتانشیێڵیتی و بەکارنەهێنانە، بەتەنیا مەسەلەیەکی دەروونی و زەینی و سوبێکتیڤە؟ ئایا شتە پۆتانشیێڵ و نوستووەکان، بەتەنیا شتانێکی دەروونی و زەینیین؟ ئاگامبێن بە گەڕانەوە بۆ ئەرستۆ ئەوە دەخاتەڕوو کە پۆتانشیێڵیتی(وزەی نوستوو و بەکارنەهێنراو)، شتێك نیە پاشکۆی کردارەکیبوون و بوونی کردەکی و ئەکچواڵ بێت، بەڵکو وەك مۆداڵیتی و ڕوویەکی بوون، بە مانا ئۆنتولۆژییەکەی بوونی هەیە. ئازادی و فەنتازیای مرۆڤ، لە هەناوی ئەم پۆتانشیێڵیتییەوە سەردەردەهێنێت. چۆنچۆنی دەتوانین لە بوونی ئەم پۆتانشیێڵیتییە تێبگەین؟ تێگەیشتن لە خودی پۆتانشیێڵیتی، بەهۆی خستنەڕووی پۆتانشیێڵیتیی نەرێنی و نێگەتیڤەوە دەرەخسێت . واتە بەهۆی توانای ئەنجامنەدانەوە، بەهۆی توانای نە-کردنەوە، کە خۆی توانای ئەنجامدان و کردەکیبوون(بالفعل) دەرەخسێنێت. ئەگەر مرۆڤ بەردەوام توانستە نوستووەکانی خۆی کردەکیبکاتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانێت ئازادی و ئیمکانی خۆی لە ئەنجامدانی کارێکدا بخاتەگەڕ. بەبێ توانای ئەنجامنەدان، بەبێ جۆرێك لە ڕێگری، ئازادیی ئەنجامدان وەك شتێکی بێمانا دەمێنێتەوە. ئەگەر پۆتانشیێڵیتی، پرسێکی ئۆنتولۆژی و بوونناسانە نەبووایە ئەوا هەمووشت هەرئێستا کردەکی دەبووەوە و تا کۆتایی لۆژیك و ئیمکانەکانی خۆی دەڕۆیشت: ئەو شتە کە ڕێگری لەمە دەکات، پۆتانشیێڵیتیی نەرێنییە کە توانستی کردەکینەبوونەوە دەردەخات.

نەویستنی شتێك، ناوەڕۆك و ناواخنی ئەو شتە هەڵدەپەسێرێت و فۆرم و ستراکتۆرەکەی ئاشکرادەکات. با بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، لەجیاتیی "بەها"، مەسەلەی یاسا و زمان باسبکەین. وەکچۆن کارل شمیس ئاماژەی بۆ دەکات و دواتریش ئاگامبێن جەختی لەسەر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی یاسا بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت پێشتر نەزمێك بکەوێتە پێشیەوە. نەزمی یاسایی لەسەر دووانەیەك ڕاوەستاوە: نەزم و یاسا. مادام ناتوانرێت یاسا بەسەر ئاشوب و فەوزادا پیادەبکرێت، ئەوا هەمیشە پێشوەخت نەزمێك بوونی هەیە کە بەشێوەی پۆتانشیێڵ و نوستوو، پیادەکردنی یاسا دەڕەخسێنێت. نەزمی بەتاڵ و بێناوەڕۆك،

دەکەوێتە پێش درووستبوونی ستراکتۆرەوە(ستراکتۆری یاسا خۆی). دەبێت سەرەتا ناوەڕۆك هەڵپەسێردرێت، بۆ ئەوەی ستراکتۆرەکە درووستبێت(دەبێت دەنگی حەیوانی و گیانلەبەرئاسای مرۆڤ لەلایەن بێدەنگی و پیتە بێدەنگ و نەبزوێنەکانەوە هەڵپەسێردرێت، بۆ ئەوەی زمان بڕەخسێت و درووستبێت).

هەرکە سنورێك کێشرا و چوارچێوەیەك دیاریکرا، ئیدی بزانە ناوە و دەرەوە لێکجیاکراونەتەوە. بەهۆی سنورکێشانەوە ناوەوە لە دەرەوە جیادەکەینەوە و پانتاییەکەی ناوەوە لەسەر شتێکی دەرەکی ڕادەگرین. ئەم شتە دەرەکییە بەشێکە لە ناوەوە کە دەخرێتە دەرەوەوە، ئاوارتە و ئیستیسنایەکە کە ڕێسا و قاعیدە درووستدەکات. بۆ ئەوەی نەزم بوونی هەبێت، دەبێت هەمیشە ئەگەری فڕێدانەدەرەوەی هەندێك شتی ناوەکی لەئارادابێت. هەر جۆرە سنورکێشان و درووستکردنی ستراکتۆرێکی بەتاڵ و ڕەمزی(جا ناوەڕۆکەکەی یاسا بێت یان زمان و بەها...) هەمیشە پێویستی بە دەرەوەیەك و ئاوارتەیەك هەیە تاکو لەبنەڕەتەوە ئیمکانی ئەم سنورکێشانە بڕەخسێنێت.

بۆیە لەلایەکەوە ستراکتۆرێکی فۆرماڵ و بەتاڵمان هەیە(واتە نیهیلیزمی ناچالاك) کە لە ناوەڕۆك بەتاڵکراوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەبەردەم ئاوارتەیەکی "زیادە" و دەرەوەی ستراکتۆردایین(نیهیلیزمی چالاك). ئەم دووانە ڕێك لەگەڵ لۆژیکی ئارەزووی لاکانیدا تەبادێنەوە. ئەم ئاوارتەی "زیادە"یە لە دەروونشیکاریدا بریتییە لە ئۆبێکتی بچوکی a کە بۆشایی چێژی زیادە پیشاندەدات. ئەم ئۆبێکتە بۆشایی و عەدەمێك پیشاندەدات کە گوزارشت لە نەڕەخسان و مەحاڵبوونی ژویسانس دەکات. مەرجی هاتنەناوەوە بۆ پانتایی ڕەمزی(و کۆمەڵایەتی)، لەلایەکەوە قبوڵکردنی خەسانی ڕەمزییە(هیچ شوناسێکی پڕ و پتەو و یەکانگیر بوونی نیە)، لەلایەکی تریشەوە تێهەڵکێشبوون لەگەڵ پانتایی ڕەمزیدا پێویستی بە جیابوونەوەی بەشێك لە بوونی مرۆڤە کە لەگەڵ پانتایی ڕەمزیدا تێهەڵکێش‌نەبێت. بەشێك لە بوونی مرۆڤ، بەشێوەیەکی ئۆبێکتیڤ و بابەتی، وەك ***ڕیاڵ*** لە دەرەوەی سوبێکت خۆیەوە دەمێنێتەوە. بەم مانایە، مرۆڤ پێشوەخت بوونەوەرێکی پارچەپارچەیە. تێگەیشتنی نیچە بۆ مرۆڤ، وەك حەیوانێکی نەخۆش، گوزارشتە لەم خاڵە. پرەنسیپی چێژ کە دەبێت هاوسەنگی و هارمۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخات؛ ڕێك لەو جێیەدا کە بەهۆی وەدەرنانی چێژی زیادەوە دەڕەخسێت، هەمیشە ڕەهەندێکی وێرانکەر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت(بەشێوەیەکی ئیمانێنت و ناونشین). ئەم ڕەهەندە، پاڵنەری مەرگە، کە ئارەزووکردنێکی ناکۆتا و سووڕانەوەیەکی ناکۆتایە. بە دەربڕینێکی تر، ڕێگەی

گەیشتن بە ئۆبێکتی ئارەزوو، خۆی دەبێتە ئۆبێکت(ی ئارەزوو). بەهۆی تێپەڕین لە لۆژیکی ئارەزووەوە بۆ لۆژیکی پاڵنەر، تێربوون لە ئۆبێکتێك، خۆی دەبێتە ئۆبێکت. ئۆبێکتی پاڵنەری مەرگ، خودی تێربوونەکەیە(هەر تێربوونێك، ڕەهەندی مەرگ زاڵە بەسەریدا).

زانیمان کە ناوە نیچەییەکەی "ویستنی هیچ"، بریتییە لە ئایدیاڵی زوهد. لەڕواڵەتدا وەك لە ناوی ئایدیاڵی زوهدیشەوە دیارە، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە زوهد و خۆگرتنەوە و چاوپۆشی لە چێژ کە شتێکی جیاوازە لەم کۆمەڵگا چێژپەرستەی ئەمڕۆ. بەڵام لەڕاستیدا ئایدیاڵی زوهد، هەر ئەو فۆرمەلەبەندییە فۆرماڵ و بەتاڵە دەخاتەڕوو کە نیهیلیزمەکەی ئەمرۆ پێکدەهێنێت(فۆرمولی پەیوەندیی نێوان ڕێگرتن لە چێژ، و زیادەی چێژ). ڕێگرتن لە چێژی دنیایی لە مەسیحیەتدا، هەمیشە هەڵگری "ئەودیو"ێك بووە. دنیایەك لەودیوی دنیای جەستەییەوە کە زیادەی چێژی تیادێتەدی و دەرەخسێت. یاسا هەمیشە ئەم دوو ڕووکارەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ڕوویەکیان بەرگرتنە بە چێژ، ڕووەکەی تریشیان فۆرمولبەندیی ئایدیاڵی زوهدە(چێژی زیادە)ـە. نیچە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دووانە دژی یەکتر نین بەڵکو لەرووی مێژووییەوە درێژەپێدەری یەکتری بوونە. یاسای ڕێگریکەر لە چێژ لە مەسیحیەتدا، هەمیشە بەڵێنی جۆرێك لە چێژی زیادەی داوە کە ، چێژێکی زیادە کە لەودیو(یان لە بەهەشتدا) بەدەستدێت. نیهیلیزم پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە ڕووندەکاتەوە، واتە پەیوەندیی نێوان یاسای ڕێگریکەری چێژ و زیادەی چێژ. خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەم "ئەودیو"ە، پانتایی چێژی زیادە، هەر ئەو شتەیە کە هێز دەبەخشێتە یاسا و ڕایدەگرێت. بە دەربڕینێکی تر، هەر هەمان ڕیاڵی یاسایە.